# بن بەستی ئاسۆی سیاسی ناسیونالیزمی کورد، بە بە "شەیتان کردن"ی مەنصوری حیکمەت پرناکریتەوە !

## وەلامێگ بە ئلیخانیزادە

**سامان کەریم**

zaryak@yahoo.com

هەفتەنامەی ئاوینە لە ژمارە 86داچاوپێکەوتنێکی سازکردوە لەگەڵ عومەری ئیلخانیزادە. ئەوەندەی پێویستە قسەی لەسەر بکریت، باسی پەرتبوون ئینشقاقەکانی نیو کۆمەلەو زحمەتکێشانی خۆیو موهەتدی دەپیچێتە ملی مەنصوری حیکمەتەوە کە زیاتر لە 5 سالە لە ژیاندا نەماوە. عومەری ئلیخانیزادە لەکاتیکدا کە لە حزبی کۆمۆنیستدا بوەو یەکیك بوە لەسەرکردایەتی کۆمەلەی کۆن، پەیوەندییەکی نەبوە بە فکری مەنصور حیکمەتو حیکمەتیزمەوە، ئەو بەریوایەتی خۆی خۆیبە کۆمۆنیست زانیوە، وەك جۆریك لە کۆمۆنیزمە باوەکانی بورژوازی کە ئەوکات دنیای داگرتبوو. بەلام باسی من لیرەدا پەیوەندی بەوەنیە کە ئیلیخانیزادە چیبوە. لیرەدا دووخاڵ گرینگە بۆ لیکدانەوەو وەلامدانەوە بە باسەکانی ئلیخانیزادە. یەکەمیان باسی شەق بونی زەحمەتکێشانە، هۆو مۆتیڤە بابەتیەکانی ئەم ئینشقاقە، دووەمیان میتۆدی لیکدانەوەیە لە پەیوەند بە جیابونەوەو ئنشقاقی نێو یەك حزبی سیاسی.

بی ئاسۆیی سیاسی ناسیونالیزمی کورد وەك بزوتنەوەیەکی سیاسی گەورەو فروان لەئاستی ناوچەکەدا، گەلیك ئالۆگۆری گرنگی هێناوەتەوە پێشەوە. گشت ئاسۆی سیاسیناسیونالیزمی کوردو ئەحزابەکانیو جێبەجێکردنی ئیستراتیژی سیاسی خۆیان لە ناوچەکەدا گرێدابوەوە بە بە سیاسەتو ئیستراتیژی ئەمەریکاوە لە عیراق و ناوچەکەدا. لە کوردستانی عیراق لە سایەی ئیستراتیژی ئەمەریکیدا، 17 سالە ناسیونالیزمی کورد دەسەلاتدارەو ئەم ئەلگۆیە بوبوە خەونی ئەم بزوتنەوەیە لە کوردستانی ئیران و تورکیا. دیارە لە م نیوەدا هەریەك لە ئەحزابە سیاسیەکانی ئەم بزوتنەوەیە بە پێی واقعیەتی محەلی وولاتی خۆیان و بە پشتیوانەی ئەم هیزە جیهانیە سیاسەتی خۆیان دەبردە پێشەوەو دەیبەنە پێشەوە. لە ئیران و پاش گەرم بونی باسی هیرشی ئەمەریکا بۆ سەر ئیران، گشت ئۆپۆزیسیونی بورژوازوی بە ناسیونالیزمی پرۆ غەربی ئیرانیەوە تا دەگاتە ناسیونالیزمی کوردو حزبەکانی کیسەی خۆیان هەلدوریبوو، وە پارەی خۆیان لە کۆشکی سپی وەرگرت، باسی روخانی جمهوری ئیسلامیو مەسەلەی گرتنی دەسەلات بۆ هەموو هیزەکانی ئۆپۆزیسیون بە چەپو راستەوە بوە سەرلەوحەی گشت ئەرکو سیاسەتە کانیان، لیرەوە مەسەلەی فیدرالیەت زیاتر پەری گرت، هیواو ئامانجی هیزە بورژوازییەکان بە هیرشی ئەمەریکا زیادی کردو تەنانەت خەریکی پیکهینانی حکومەتی سیبەر بون لەدەرەوەو گشت هیواو ئامانجیان بەست بە فرۆکەکانی ئەمەریکاوە بەلکو لە سایەیدا وەکو یەکیتی وپارتیو هیزە ئیسلامیە سیاسیەکانی عیراق بەروبومەکەی بخۆن. بەلام شکستی ئیستراتیژی ئەمەریکا لەعیراقو ناوچەکەدا، دەرکەوتنی جمهوری ئیسلامی ئیران لەبەرانبەر ئەمەریکادا وەك "براوەیەك"، دورکەوتنەوەی خەتەری شەرو هیرشی ئەمەریکا بۆ سەر ئێران... گشت ئەو هیواو ئامانجانەی خستنە گۆرەوە. بەم پێیەش فیدرالیەتو بەرە دروستکردنی هیزەکانی ئۆپۆزیسیونو لەوانە حزبەکانی بزوتنەوەی ناسیونالیزمی کورد لە ئیران جیگای خۆیدا بە بێئومێدیو ئینشقاقاتی جۆاروجۆری نیو هیزەکانی ئەم بزوتنەوەیەوە، ئیشقاقی نیو حزبی دیموکراتو حزبەکەی ئیلیخانیزادە لەم چوارچیوەیەدا قابیلی درك کردنە. هەر لەسەرەتای جیابونەوەی موهەتدیو ئیلخانیزاە لە کۆمەلەش، راستەوخۆ لە کاتێکدا دەبیت کە بە پشتیوانەی بێ دریخی تالەبانی دەچیتە رێوە بە هیوای هیرشی ئەمەریکا بۆ سەر ئیرانو بەم پێیەش پیویستە تەواوی تەپو تۆزی مارکسیەتو ناوی مەنصوری حیکمەت لە خۆیان دابتەکێنن بۆ ئەوەی لەئاستی ناوو ریکخراوەشدا بە تەواوی بەقافلەی ناسیونالیزمەوە پەیوەست بن، کە دیارە پێشتریش لەمبارەوە هەر وابون بەلام تەنانەت بونیان لە نیو کۆمەلەشدا ئەو کۆسپەی بۆ دروست کردبون کە نەدەبونە جیگای متمانەی بزوتنەوەی ئەصلیان، کە حزبی دیموکراتی ئیران دەمیکە کورسیەکەی گرتوە.

ئەمرۆ کە کە خەتەری هیرش بۆ سەر ئیران دوردەکەوێتەوە، نەك تەنها حزبەکەی ئیلیخانیزادە بە لکو گشت ئۆپۆزیسیونی ئیران دەکەویتە بەر مەنگەی ئیفلاس سیاسیو ئینشقاقەوە، بەشیکیان ناچاربون بکەونە دیفاع کردن لە دەسەلاتی رەش جمهوری ئیسلامی ئیران، بەشێکی دیکەیان ئیستا وایان لیهاتوە هیرش بۆ سەر ئیران بەخەتەر دەبینن. بەلام دوکوتبونی حزبەکەی ئیلیخانیزادە، تەنها ئینشقاقیکی نۆرمالو ئاسایی نەبو لەسەر خیلافاتی سیاسیو مامەلەکردن بەم خیلافاتەوە بەشیوەیەکی گونجاو ئینسانیو سیاسیانە، بەلکو دەرگیری گیبەرکێیەکی خەتەرناکی کردن، تارادەی ئەوەی کە یەکێتی نیشتمانی هیزی پارێزگاری بۆ داناون بۆ ئەوەی نەکەونە گیانی یەکتری" ئافەرم یەکێتی". لەمبارەشەوە سەرنج بدەن لەجیابونەوەی مەنصوری حیکمەت و سەرنج بدەن لە ئینشقاقی ئەم حزبەی ناسیونالیستەی کورد، چ فەرهەنگیکی دواکەتوەو عەشیرەتی دەگوزەری لە نیو ئەحزابی ناسیونالیستی کوردا، کە زمانی دیالۆگی سیاسی تیایدا قەرار ناگریو تەنها وەلام چەکە. ئیلیخانیزادە بۆ دەبێت بێ ئاسۆیی سیاسی بزوتنەوەکەی ببەستێت بە ئینسانێکەوە کە نە سەر بە بزوتنەوەی ئەوە، وە زیاتر لە کۆنگرەی دووەمی حزبی کۆمۆنیستی ئیرانەوە کە 22 سالە، لەباری سیاسیو فکریو عەمەلیەوەجیابۆتەوە لیێیانو 5سال زیاترە مەنصوری حیکمەت لەدنیادا نەماوە. چ ئاسانە قوربانی خۆتو بزوتنەوەکەت فرێبدەیتە سەر ئینسانێك. ئەمە هەمان

سوننەتی مەزهەبیە. کە خودا حسابە، خراپو چاکە هەموو دەبیتە موقەدەری ئالهی. مەنصوری حیکمەت لای ئەم دەروێشە " کە ئەو هەرگیز پیویستی پ‌ی‌ی نەبوە" دەبیتە پێغەمبەریك، کە خۆی ئاگاداری نیەو دژ بەوەیە.

باسیکی دیکە ئەوەیە، کە بزوتنەوە بورژزاییەکان بەگشتی بە دەسەلاتدارو ئۆپۆزیسۆنەوە بە بیریارو ژۆرنالیستیانەوە، بە ئەکادیمیو رابەری سیاسانەوە، لیکدانەوەیان بۆ بزوتنەوە کۆمەلایەتیەکانو کێبەرکی نیوانیانو تەنانەت شەری نیوان ئەحزابی سیاسیو ولاتان، دەپێچەنە کەسێکەوە. صدام حسین وای لە عیراق کرد، جۆرج بۆش ئەمەریکای بەم دەردە برد، هتلر فاشیەتی دروست کردو جەنگی جیهانی دووەمی هەلگیرساند... لای ئیلیخانیزادە مەنصوری حیکمەت کۆمەلەی کاولکرد.. ئەمانە دەکرینە شەیتانیكو رەجم دەکرێن، دەبێت تەواوی ئەو سلبیاتەی کە ڕودەدەن لە روانگەی خۆیانەوە هەڵواسری بەملی ئەواندا... لەم بەهانەیە ئاسانتر نیە، وەلەم ریگایە سەر لێتیکدەرانەتر نیە، وە لەباری لیکدانەوەی زانستیو مادديەوە هەلکەیەکی کوشندەیە.

ئینشقاقی پێشووی نیو حزبی کۆمۆنیستو دواتری نیو کۆمەلەو ئیستای نیوان ئیلینخانیزادەو موهەتدی، مەسەلە خراپیو باشی سەرانی جیابونەوەکان نیە، ئەوانە لەوپەری خۆیاندا دەوری رابەری جیابونەوەو یان ئینشقاقیان بینوە. بەلام بە ناونیشانی رابەری بزوتنەوەیەکی جیاواز کە تەعقیبی هیواو ئامانجو بەرنامەی بزوتنەوەیەکی جیاواز یان بەرژەوەندی جیاوازی نیو بزوتنەوەیەك دەکەن. دەردی مەنصوری حیکمەت لە کۆمەلگادا کاری کری گریتە بوو، وە بۆ رزگار بوو ن لەم دەردە چوو حزبی خۆی دروست کرد. دەردی ئیلیخانزادەو موهەتدی بیٚ بەشی ناسیونالیزمی کوردە لە دەسەلاتی سیاسی ئیراندا ، ئەم دەردە، دەردی بزوتنەوەی ناسیونالیزمی کوردە لە عیراقو ئیرانو تورکیادا، سیاسەتو ئیستراتیژو ریکخراو رابەری خۆی پێیوستە بەرەو ئیئتلافی جۆراوجۆرو ئەمەریکای پێویستە. بۆ گەیشتن بەچارەسەری ئەم دەردە لە هەلومەرجیگی جیهانی دوای روخانی بلۆی شەرقو لە پاش شەری خەلیجی یەکەمو بالاگرتنی بورژوزی کورد لە کوردستانی عیراقدا ئیلیخانیزادە جیادەبیتەوە وپاشان لە کۆمەلەش جیادەبیتەوە...بۆ ئەوەی دەردی خۆی چارەسەربکات. دواتر لە هومەتدی جیا دەبێتەوە، چونکە ڕیگایەك کە پیکهاتبون لەسەری فەشەلی هیناو ڕما بەسەریەکدا. ئەمە ناوەڕۆکی جیابونەوەو ئینشقاقەکانی نیو بزوتنەوەی ناسیونالیزم کوردە، نەك گوناهی ئلیخانیزادەو موهەتدی، ج چا بگات بە مەنصوری حیکمەت. بەلام ئیلیخانیزادە بیری چۆتەوە کە کەس بە مەزلومیەت نیشاندانی خۆی نابیتە رابەرو کەس بەجدی وەریناگریت، بەبروای من لەمبارەشەوە ناوهێنانی مەنصوری حیکمەت بە قازانجی ئیلیخانیزادە نیەو جەماعەتەکەشی لێی هەلدەگەرینەوە. ناکریت خۆت بە رابەری بزوتنەوەو هیزیك بزانیت لەهەمانکاتدا شکستی خۆت ببەستی بە گۆیرایەلییت بە رابەری بزوتنەوە حزبێکی دیکەوە. ئەمە ئەوپەڕی ئیفلاسی سیاسیە.